حكومەتی هەرێمی کوردستان ~~عێراق~~
وەزارەتی تەندروستی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی پلان دانان
هۆبەی خوێندنی باڵا

حكومة اقليم كوردستان/ العراق
وزارة الصحة
المديرية العامة لصحة اربيل
المديرية التخطيط
شعبه دراسات العليا

Kurdistan Region Government/ Iraq
Ministry of Health
General Directorate of Health – Erbil

ژمارە: / العدد: ١٧٩١٦

ڕێکەوت: / التاريخ: ٢ / 10 / 2018

پێشمەرگە سیمبولی نەتەوەیی و پارێزەری کوردستانە

**بۆ / گشت بەڕێوەبەرایەتی و نەخۆشخانەو بنکە تەندروستیەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیمان**

**ب / گشتاندن**

سەبارەت بە پزیشکان و پزیشکانی ددان و دەرمانسازان و پەرستیاران و فەرمانبەرانی تر کە داوای لاری نەبوون دەکەن بۆ وەرگیران لە خوێندنی باڵا ( ماستەر – دکتۆرا – بۆرد ) لە زانکۆکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ، پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن پێش دەست پێکردن بە مامەڵەکانیان :

1- دەبێت ( پزیشک ، پزیشکی ددان ، دەرمانساز ) ماوەی سێ (3) ساڵ ( نیشتەجێ ی خولاو ، پلەبەند ) خزمەتی فیعلی تەواو کردبێت بە مەبەستی پێشکەش کردن بۆ خوێندنی باڵا لە دەرەوەی وولات ( هەژمارکردنی ماوەی خزمەتی بۆ دەکرێت لە ڕۆژی دەست بەکاربوونی تاوەکو ڕۆژی 10/31 تشرینی یەکەم /ساڵی خوێندنەکە ) .
پەرستیاران و فەرمانبەرانی تر تەنها ( 2 ) دووساڵ خزمەتی فیعلیان هەبێت .

2- بە دەست هێنانی نوسراوی وەرگیران لە زانکۆکانی دەرەوە :
أ – دەبێت لە نوسراوی وەرگیرانەکە ئاماژە بە وەرگیرانی پێشکەشکار کرابێت لە زانکۆیەکە .
ب- جۆری خوێندنەکە دیاری کرابێت ( ماستەر – دکتۆرا – بۆرد )
ج- بواری خوێندنەکە نوسرابێت .
د- بواری خوێندنەکە لە ناو لیستی پلانی ساڵانەی بەڕێوەبەرایەتیمان هەبێت .
هـ- ماوەی خوێندنەکە دیاری کرابێت ،( بە مەبەستی پێدانی مۆڵەت ).
و- ئەو زانکۆیەی دەیەوێت لێ ی بخوێنێت دەبێت باوەر پێکراو بێت لە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی .



Processed by FREE version of
Jet Scanner Lite

3- لاری نەبوون بۆ خوێندن لە شوێنی کارکردنی بهێنێت .
4- هێنانی یاداشنامەی داواکاری بۆ ئامادە کردنی پوختەی ڕاژە لە ماڵپەری بەڕێوەبەرایەتیمان (www.dohhawler.org)
5- داواکار دەبێت بەڵێن نامەی دەست نووس بدات کەوا پاش تەواو کردنی خوێندنی بالا خزمەت بکات لە شوێن و بۆ ماوەی پێویست کە بەڕێوەبەرایەتیمان دیاری دەکات .
6- ئەو فەرمانبەرانەی کەوا بڕوانامەی خوێندنی بالایان هەیە دەتوانن داوای لاری نەبوون بکەن بۆ خوێندنی بالا پاش تێپەربوونی دووسال لە بەرواری دەست بەکاربوونیان وەکو پسپۆر لە شوێنی کارکردنی خۆیان .
7- داواکار دەبێت بەردەوام بێت لە کاری خۆیدا وە لەناو مۆڵەت دا نەبێت لە کاتی پێشکەش کردن بۆ خوێندنی بالا.

دکتۆر
سامان حسین بەرزنجی
بەڕێوەبەری گشتی

وێنەیەک بۆ :

- نوسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی / بۆ زانین لەگەڵ ڕێزماندا .
- بەڕێوەبەرایەتی پلان دانان / هۆبەی خوێندنی باڵا / بۆ زانین لەگەڵ ڕێزماندا .
- گشت بەشەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیمان / بۆ زانین لەگەڵ ڕێزماندا .



Processed by FREE version of
Jet Scanner Lite